کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 13:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بـــەڕێزان وەزیری دادی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر خۆ هێشتا مەرەکەبی ئیتفاقیە ئیستراتیجیەکە ووشک نەبۆتەوە بۆ وا دەکەن ... باوکی شازاد**

هێشتا حەفتەیەک بە سەر ئەو ئیتفاقیە دا تێ نەپەڕیوە کە هەردوو بەڕێز (مام جەلا و کاک ماسعود) بە ئامادەبونی هەردوو مەکتەبی سیاسی مۆریان کرد وە بە ئیستراتیجی ناویان برد، کەچی ئەو دوو بەڕێزە وەزیری دادو پارێزگاری هەولێر دەستیان کردوە بە شەڕە کورسی بەزمێکیان ناوەتەوە کە ئێستا دەیبینین لە ڕاگەیاندنەکان وسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بلاو کراوەتەوە، لە سەر شتێکی زۆر بچوک و بێ مانا کە ئەوەندە نایەنێت ئاوا خۆیانی پێوە خەریک بکەن، بە داخەوە دەبوایە زۆر بە پەلە ئەو مەوزوعە چارەسەر بکرابوایە شتی بچوک بۆ وا گەورە بکرێت، دیارە کورد موشکیلەی زۆر کەمە دەیانەوێت کاری پێویست بکەن بۆ چەند دانیشتنێکی تری سەرکردایەتی کوردستان لەسەر دانانی وەیان لابردنی بەڕێوەبەرێکی دائیرەیەکی خزمەت گوزاری بچووک کە هەرگیز کەس حیسابیشی بۆ ناکات پۆستێکی هێندە لە خوارەوەیە، بەڵام پێم سەیرە لە سەر ئەو پۆستە بچوکە ئاوا بکر ێت دەبێ بەیانی کە هەموو وەزارەت و دام و دەزگاکان تێکەڵ بکرێنەوە لە سەر پۆستە گرنگەکانی تر چی ڕوبدات خوایە هەر بێ ئافات بێت خوێنی کەسی بێ تاوان نەڕژێت لەسەر دابەش کردنی وەزیفەو کورسی، ئەگەر لە سەر ئەو شتە بچوکە منالی خەڵک بە بارمتە ببرێت و شەڕە مەفرەزە بکرێت دەبێ پیاو زۆر بترسێت هەر چەندە ئەوو دوو بەڕیزە ئەوەندە دەوری کاریگەریان نیە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی و ناتوانن بارو دۆخەکە بشێوێنن لەبەر ئەوەی هیچیان لە ناو پارتەکەی خۆیان دەورێکی ئەوتۆیان نیەو کەس یان ئەندامی بەرزنین لە ناو پارتی و یەکێتی تەنها خاوەنی وەزیفەن لە ناو حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەوەی کە جێی سەر سورمانە هەردوو بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی وەزیران و جێگرەکانیان بۆ قسەیەک ناکەن، یان چاوەڕوانن وەکوو شەڕە کەڵەباب بزانن ئەو دوو کەسە کامیان ئەوی تر دەبەزێنێت تۆ بڵێی ئەوانیش ئەو بەزمەیان لا خۆش بێت بۆیە دەنگیان لێوە نایەت. باشە ئەگەر کورد ئەوەندە وەزیفە بە گرنگ دەزانێت بۆ ناچن ئەو بەڕێوەبەرەی کە بۆ خاڵی سنوری باشماغ بە دوو تەیارەی هەلیکۆپتەری ئەمەریکی لەشارۆچکەی پێنجوێن دانراو کرا بە لێپرساوی ئەوێ بۆ لای نادەن خۆ ئەوەیان تاجاوزێکی زۆر حاشا هەڵنەگرو ئاشکرایە لە سەر کەرامەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دە فەرمون بە ئەمریکا بڵێن نەخێر نابی سەروەری کوردستان پێشێل بکر ێت و کەسێکی عارەب بێنن بیکەن بە لێپرساوی ئەو خاڵە سنوریە گرنگەو لەسەرمان فەرز بکرێت، خوا دەزانێت بۆ خاڵە سنوریەکانی تریش کێیان داناوە ئێمە لێی ئاگادار نین یان ئەوەیان بقەیە ئێمە هەر وەک و مەسەلەکە هەر بەخۆمان فێرین بەرامبەر خەڵک دەمارمان تیا نیە بۆیەش هەتا ئێستا هیچمان بە هیچ نەکردوە و دەمانەوێت هەردەم ببین بە پیاوی باش دەچین شیعەو سوننە پێک دێنینەوە لە کاتێک کە یە کەم داوایان ئەوەیە لە حکومەتەکەی مالکی دەبێ ماددەی 140 دوا بخرێت و پۆستی سەرۆک کۆماریش بدرێت بە عارەبی سوننەو فیدراڵیش لە عێراق نابێ جێ بەجێ بکرێت حکومەتی هەرێمیش نابێت ئەوەندە دەسەڵاتی هەبێت و نەوت دەرهێنان دەبێ تانها لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دا بێت و گرێ بەستەکان دەبێ ئەوان مۆری بکەن لە گەڵ کۆمپاناکانی دەرهێنان و بەرهامهێنانی نەوت، باشە پێمان ناڵێن کوا دەسەڵاتی هەرێمی فیدراڵ کە هەر خۆمان ناوی فیدراڵمان لێ ناوە، نازانم من پرسیارێک ئاراستەی سەر کردە کانی خۆمان دەکەم کام لەم داوا کاریانەی عارەبی سوونە دژی شیعەیە هەر هەمووی دژی خۆمانەو لە دەسکەوتەکانمان کەم دەکاتەوە کەچی ئێمەین دەچین لە عەرەبە سوونەکان دەپاڕێینەوە خاتری خوا وەرنەوە با حکومەتەکەی مالکی هەڵنەوەشێتەوە و ماڵمان کاول مەکەن با هەمووما لێمان تێک نەچێت و ئەمەریکا حکومەتێکی خۆی بەسەرمان دا فەرز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بکات چی تان دەوێت ئێمە وا دەکەین سەرۆکی وەزیران مالکی ڕازی دەکەین، کەچی هەست ناکەین ئەوە گەورەترین کۆدێتایە دژی ئێمەی کورد ئەنجام دەدرێت بەڵام کابرا ووتەنی پەرژین بێتا لە کورد دەڵی سنگیان بۆ دەکووتا دەیوت ئەرێ ئەوە چ تەقە تەقە وامان بەسەر هاتوە نازانین بەرژەوەندی گەلەکامان لە کوی دایە دەبا ئێمەی کوردش وەکوو عارەبە سوونەکان مان بگرین و خۆمان بپچڕینەوە بلێین ئەگەر داوا کاریەکانی ئێمەی کوردیش جێ بەجێ نەکرێت لە حکومەت و پرۆژەی سیاسی دەکشێینەوە چی دەبێت با ببێت با ئێمەش تۆزێک خۆمان گیف بکەینەوە خۆ نامانکوژن. تازە بەتازە ئەو دوو برادەرەش دەستیان کردوە بە کێشمە کێشم و پەنجەیان خستۆتە سەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان لە سەر ئە وەی کێ بکرێت بە بەڕێوەبەری دائیرەی قاسرین لە هەولێرو کێ نەکرێت، دەک ماڵتان بە قوڕ نەگیرێت لە گەڵ خۆتان و موشکیلەی کە دروستتان کردووە. مەسەلەیەکی کوردەواری خۆمان هەیە دەڵی گاڕان بەگاوانەوە لافاو بردبووی پیرێژنیش هاتبوو لە گۆلکە سۆری دەپێچایەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.